Artuklu Kurdology
e-ISSN: 3062-0236
(17) September 2024

# حەپسخانە و خشتەی تاوانەکانی قەزای گولعەنبەر (1912-1913) لە ئەرشیفی عوسمانیدا

## Osmanlı Arşivlerinde Gulanbar Kasabası Hapishanesi ve Suç Tablosu (1912-1913)

## Prison and Crime Tables of Gul'anbar District (1912-1913) in The Ottoman Archives

Hemin Omar AHMAD

| | |
|---|---|
| **Hemin Omar AHMAD** | Hemin Omar Ahmad\| https://orcid.org/0000-0003-1985-9512\| heminahmad40@gmail.com<br>Doç. Dr. |
| **Jêgir**<br>*Citation*<br>Atıf | Ahmad, H. O. (2024). Prison and Crime Tables of Gul'anbar District (1912-1913) in The Ottoman Archives. *Artuklu Kurdology* (17). 65-77 DOI: 10.35859/akrd.1523580. |
| **Dîroka Şandinê**<br>Submission Date<br>Geliş tarihi | 28.07.2024 |
| **Dîroka Qebûlê**<br>*Acceptance Date*<br>Kabul Tarihi | 27.09.2024 |
| **Dîroka Weşandinê**<br>*Publication Date*<br>Yayın tarihi | 30.09.2024 |
| **Cureyê Gotarê**<br>*Article Type*<br>Makale Türü | **Venêrîna Belgeyan**<br>Doküman incelemesi<br>Document analysisi |
| **Hakemtî**<br>Peer-Review<br>Hakemlik | **Cot Nenas – Du ji derve**<br>Double anonymized - Two External<br>Çift Taraflı Kör Hakemlik – İki hakem |
| **Beyana Etîk**<br>*Ethical Statement*<br>Etik Beyanı | **Hatîye beyankirin ku di pêkanîn û nivîsîna vê xebatê de hemû rêzikên zanistî û etîk hatine şopandin û hemû çavkanî bi awayekî têkûz hatine referanskirin**<br>*It is declared that scientific and ethical principles have been followed while carrying out and writing this study and that all the sources used have been properly cited.*<br>Bu çalışma yapılırken ve yazılırken bilimsel ve etik ilkelere uyulduğu ve kullanılan tüm kaynaklara uygun şekilde atıfta bulunulduğu beyan edilir. |
| **Kontrola Întihalê**<br>*Plagiarism Checks*<br>Benzerlik Kontrolü | **Belê – iThenticate**<br>*Yes – iThenticate*<br>Evet – iThenticate |
| **Nakokiyên Berjewendiyan**<br>*Conflicts of Interest*<br>Çikar Çatışması | **Di gotarê de di navbera nivîskar û ti alîyên din nakokîya berjewendîyê tune ye.**<br>*There is no conflict of interest between the author and any parties in the article.*<br>Yazar ile makalede yer alan taraflar arasında herhangi bir çıkar çatışması bulunmamaktadır. |
| **Alîkarîya Darayî**<br>*Grant Support*<br>Maddi Destek | **Nivîskar beyan dike ku wan wî ji bo vê vekolînê ti fonên derveyî wernegirtine.**<br>*The author(s) acknowledge that they received no external funding in support of this research.*<br>Yazar(lar), bu araştırmayı desteklemek için herhangi bir dış fon almadıklarını kabul etmektedirler. |
| **Mafê Telîfê & Destûr**<br>Copyright & License<br>Telif Hakkı & Lisanslama | **Nivîskar li jer lîsansa CC BY-NC 4.0 mafê xwe yê li ser xebata xwe diparêzin.**<br>*Authors publishing in the journal retain the copyright to their work licensed under the* ***CC BY-NC 4.0****.*<br>Dergide yayın yapan yazarlar, **CC BY-NC 4.0** kapsamında lisanslanan çalışmalarının telif haklarını saklı tutarlar. |

**پوختە**

گەڕانەوە بۆ ئەرشیفی عوسمانی، لە زۆر لایەنی جوداوە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، لە لایەك ئاشنای بەشێك لە مێژوو دەبینەوە و لە لایەکی ترەوە لە ڕێی ئەو بەڵگەنامانەوە ڕەوشی ژیان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئاستی بیرکردنەوەی تاکەکان دەناسین. قەزای گولعەنبەر کە سەر بە شاری سلێمانی بووە و ئەویش سەر بە ویلایەتی موسڵ بووە، لە ڕووی هەڵکەوتەوە کەوتبووە سەر سنووری نێوان عوسمانییەکان و ئێرانییەکانەوە. خەڵکی ناوچەکە لە ڕووی عەشیرەتەوە عەشیرەتی جافن و لە تیرەی جۆراوجۆر پێك دێن. ئەم دۆکیۆمێنتارییە تیشك دەخاتە سەر ڕێژەی تاوان لەو قەزایەدا و هەروەها جۆری تاوانەکان و پێشێلکردنی یاسا لەلایەن هەندێ خەڵکی ئەو ناوچەیە. گرنگیی ئەم بەڵگەنامانە وێڕای باسکردنی ناوی کەسەکان و ناوی گوندەکان، لە هەمان کاتدا ئاستی هۆشیاری و پەیڕەوکردنی یاسا و دەسەڵاتدارییەتی دەوڵەتی عوسمانیش نیشان دەدات

**وشەی کلیلی:** گولعەنبەر، حەپسخانە، ئەرشیفی عوسمانی، خشتەی تاوانەکان

## ÖZ

Osmanlı arşivlerine dönmek birçok açıdan ayrı bir önem taşımaktadır. Bir yandan tarihin bir kısmını tanıyoruz, diğer yandan bu belgeler aracılığıyla bireylerin yaşam koşullarını, sosyal ve kültürel koşullarını, düşünce düzeylerini öğreniyoruz. Osmanlı döneminde Süleymaniye şehri ve Musul vilayetine bağlı olan Gulanbar ilçesi, Osmanlılar ile İranlılar arasındaki sınırda yer alıyordu. Bölgenin halkı Jaff kabilesinden olup çeşitli aşiretlerden oluşmaktadır. Bu belgede bölgedeki suç oranının yanı sıra bölgedeki bazı kişilerin işlediği suç türleri ve yasa ihlalleri üzerinde durulmaktadır. Bu belgelerin önemi, kişi ve köy adlarının belirtilmesinin yanı sıra Osmanlı devletinin bilinç düzeyini, kanun uygulayıcılığını ve otoritesini de göstermektedir.

**Anahtar Kelimeler:** Gülanber, Cezaevi, Osmanlı Arşivleri, Suç Tablosu

## ABSTARCT

Returning to the Ottoman archives is of special importance in many ways. On the one hand, we get acquainted with a part of history, and on the other hand, through these documents, we know the living conditions, social and cultural conditions, and level of thinking of individuals. Gulanbar district, which belonged to the city of Sulaymaniyah and which belonged to the province of Mosul, was located on the border between the Ottomans and the Iranians. The people of the area are the Jaff tribe and consist of various sub-tribes. This document highlights the crime rate in the district, as well as the types of crimes and violations of the law by some people in the area. The importance of these documents, in addition to mentioning the names of people and villages, also shows the level of awareness, law enforcement, and authority of the Ottoman state.

**Keywords:** Gul’anbar, Prison, Ottoman Archives, Crime Table

## پێشەکی

لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە مێژوو، لەبەر سێبەری بەڵگەنامەکان؛ زۆر لایەنی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیەی تێدا دەردەکەوێت، کە شایانی تێڕامانن. دەوڵەتی عوسمانیش بە درێژایی چوارسەدە لە حوکمڕانی بەشی زۆری وڵاتی کوردەواری، بەشێکە لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردی، لەو سۆنگەوە دەست بردن بۆ ئەرشیفی عوسمانی لە زۆر لاوە مێژوومان ڕووناك دەکاتەوە. لەنێو مێژووە گشتییەکەشدا مێژووی کۆمەڵایەتیی بەتایبەتی و بەتایبەتیتر ڕەوشی تاوان لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانی، جێگەی هەڵوەستەلەسەرکردنە.

وردبوونەوە لە مێژووی تاوان لەناو هەر کۆمەڵگەیەکدا ئەگەر چی دەچێتە چوارچێوەی ڕەوشی کۆمەڵناسانە، بەڵام تەنیا وەك کۆکردنەوەی کەرەستە و نیشاندانی جۆرەکانی تاوان لە قەزایەکی دیاریکراوی وەك قەزای گولعەنبەر سەر بە سانجاقی سلێمانی لە ویلایەتی موسڵدا؛ گەڕانەوەیە بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لەو ناوچەیەدا، بەتایبەتی هەڵکەوتەی قەزای گولعەنبەر لەسەر سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا بووە و بنەمای عەشیرەتگەریی کۆمەڵی کوردەوارییش لەوسادا زۆر بەتین بووە، لە کاتێکدا دەوڵەتی عوسمانی لە ئاخیر و ئۆخریدابووە و زەنگی هاتنی داگیرکاریی ئینگلیز لێدرابوو و ناوچەکە لە چاوەڕوانیی گۆڕانکارییەکی گەورەدا بوو، بۆیە لەو ڕوانگەوە تەماشاکردنی ڕەوشی حەپسخانە و تاوان لەو قەزایەدا نمونەیەکی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەوسامان نیشان دەدات

ئەم دۆکیۆمێنتە بۆ یەکەم جار چەند زانیارییەکی گرنگمان لە هەردوو ساڵی ١٩١٢-١٩١٣ی قەزای گولعەنبەر نیشان دەدات و تێیدا وێڕای ڕەوشی تاوان؛ ناوی هەندێ گوند، تیرە و تایەفەی عەشیرەتەکان و جۆری تاوانەکانمان نیشان دەدا، کە دەشێ ببنە کەرەستەی زۆر توێژینەوەی تر، بۆیە لەم وتارەدا لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا تەنیا بابەتەکان لە تورکیی عوسمانییەوە وەرگێڕدراون و وردەکاریی پێکهاتەی حەپسخانەکە و ڕێژەی تاوان لەو دوو ساڵەدا بە زانیاریی دەوڵەمەندەوە خراونەتە ڕوو

### ١.مێژووی دامەزراندنی حەپسخانە لە قەزای گولعەنبەر

لە چوارچێوەی ویلایەتی موسڵدا، سەنجاقی سلێمانی گرێدراوی ویلایەتەکە بووە و یەکێك لە قەزایەکانی سانجاقی سلێمانیش قەزای گولعەنبەر بووە، کە شاری هەڵەبجە ناوەندەکەی بووە. لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەدا، ویلایەتی موسڵ دەستی بە کردنەوەی حەپسخانەکان لە قەزا و سەنجاقەکان کرد و هەندێ لە قەزاکان لە دوای دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ناویان لەنێو ناوان دێت کە حەپسخانەیان هەبووە

بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی عوسمانی، حەپسخانەی قەزای گولعەنبەر لە نێو سەرای حکومەتدا بووە و باڵەخانەی تایبەت بە خۆی نەبووە، بەڵکو بریتی بووە لە دوو ژووری بچووك و حەوشەیەکی تەسك. ڕووبەری ئەو حەپسخانە یان تەوقیفخانەیە ١١٧ مەتر بووە. تەوقیفخانەکە ناوێکی تایبەت بە خۆی نەبووە، تەنانەت وەك بەشێ لە قەزاکانی تر، بەشێکی تایبەت بە بەندکراوانی ژنیشی نەبووە، ئەگەر زیندانێکی ژن هەبووایە، سەرۆکی زیندانەکە یان بەرپرسی سەرا؛ ئەو ژنە تۆمەتبارەی دەنارده ماڵی خۆی[1]. ئەوەی جێی سەرنج بووە، حەپسخانەکە لە ساڵی ١٩١٣ وەك تەوقیفخانە ناوی هاتووە، نەك زیندان و دوای چەند ساڵێك ناوەکەی بۆتە حەپسخانە

ئەگەر چی ئاماری هەموو ساڵەکان لە نێو ئەرشیفخانەی عوسمانیدا تایبەت بە تەوقیفخانەکەی قەزای گولعەنبەر لەبەر دەست نین، بەڵام خشتەی بەندکراوانی چەند ساڵێکی تێدایە کە لێرەدا دەیانخەینەڕوو

بە پێی ئامارێك لە ١٩١٣/١/١٤ لە تەوقیفخانەکەدا پێنج بەندکراوی پیاو هەبوونە[2].

بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی تر، لە مانگی ئابی ١٩١٣ دا، لە تەوقیفخانەکەی گولعەنبەر/ هەڵەبجەدا دوو تۆمەتباری ڕاگیراو هەبوون[3].

دواتر پێنج ساڵێك شتێکی ئەوتۆ لەبارەی حەپسخانەکە نازانین، تا دەگەینە ساڵی ١٩١٧، کە خشتەی بەندکراوانی مانگی ئاداری ساڵی ١٩١٧، بەم شێوەیەی خوارەوە بووە

1 BOA, DH.MB.HPS 41/51 1331 R 24/ 1913 Nisan 2
2 BOA, DH.MB..HPS…M 12/33 1332 CA 29/ 1914 Nisan 25
3 BOA, DH.EUM.EMN 73.3 1332 C 22/ 1914 Mayıs 18

دوو بەندکراوی لە مانگی شوبات هەبوونە و بە (جنحە= تاوانێکی بچوك) تۆمەتبارکرابوون، لە مانگی ئاداردا تەنیا یەکێکیان ماوەتەوە و ئەوەی تر ئازاد کراوە. هەردوو بەندکراویش لە ڕەگەزی نێر بوونە٤.

لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا خشتەی چوار مانگی یەکەمی ساڵی ١٩١٧ واتە مانگەکانی ئادار، نیسان، مایس و حوزەیران دا، لە تاوانی جۆری جینایەتدا کەسێکی نێر و لە تاوانی جۆری قەباحەتیشدا٥ بە هەمان شێوە یەك کەسی نێر هەبووە. واتە لە هەر چوار مانگەکەدا دوو بەندکراو هەبوونە٦.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێك کە مێژووی ٢٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٣٣٢ی ڕۆمی (بەرامبەر ١٩١٧/٢/٨ز)ی لەسەرە، باس لە پێکهاتەی گرتووخانەکەی گولعەنبەر کراوە و ئاماژە بەوە دراوە کە بە حەپسخانە و تەوقیفخانەی شارەکە هەر یەك شتن، بەڵام لە خانەی تەوقیفخانەدا نووسراوە؛ نییە، بەو واتایەی لەو ساڵەدا تەوقیفخانە نەماوە و بەڵکو ناوی بۆتە حەپسخانە. لە بارەی بەڕێوەبەر و کارمەندانی ئاماژە بەوە دراوە کە بەڕێوەبەر و کارمەندی نین و بەهۆی جەندرمەوە دەپارێزرێ. تەنانەت کاتب و گاردیانیشی نییە

هەر لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە داوە؛ یەك کەس لە ڕەگەزی نێر ڕاگیراوە و وەك حەپسخانەیش دوو کەس لە ڕەگەزی نێر بەندکراون و هیچ ژنێکیش لەنێو ڕاگیراون و بەندکراواندا نین. بە پێی سزای بەندکراوان دوو کەسی حوکمدراو هەن و هێشتا شەش مانگ لە زیندان نەماونەتەوە

لە بارەی خواردن و خواردنەوەی بەندکراوان، ئاماژە بەوە دراوە کە خواردن و خواردنەوەی بەندکراوان لە لایەن حکومەتەوە دابین دەکرێ و لە لایەن هیچ بەڵێندەر یان خێرخوازێکەوە دابین ناکرێ. ئەم ڕاپۆرتەیش واژووی بەرپرسی جەندرمەی پێوەیە، بەو واتایەی حەپسخانەکەی گولعەنبەر فەرمانگەیەکی سەربەخۆ نەبووە و تەنانەت بەڕێوەبەر و کارمەندیشی نەبووە٧.

لەنێو خشتەی مانگی ئاداری ساڵی ١٩١٨ دا، لە بەرامبەر ناوی قەزای گولعەنبەردا هیچ لەبارەی حەپسخانەکەی گولعەنبەر نەنووسراوە، ئەمەش تەنیا بۆ گولعەنبەر نەبووە، بەڵکو تەواوی لیوای سلێمانی لەو مانگەدا بە بەتاڵی بەجێهێڵراوە٨.

### ١,١.خشتەی تاوان لە ساڵی ١٩١٢

لەنێو بەڵگەنامەکاندا ناوی ئەو تاوانباران هەن، کە تاوانیان کردووە و هەندێکیان دەستگیرکراون و هەندێکیشیان هەڵاتوون، بۆ وێنە

أ- لە مانگی شوباتی ساڵی ١٣٢٨ی ڕۆمی (نیسان و مایسی ١٩١٢)دا، ئەم ڕووداوانە لە قەزای گولعەنبەر ڕوویانداوە:

لە ٣ـی شوباتی ١٣٢٨، ڕووداوێکی تاڵانکردن و بریندارکردن هەبووە، تاوانلێکراوان ڕەحیم و هاوەڵانی لە گوندی بیارە، تۆمەتباران کەریم کوڕی محەمەد و هاوەڵانی لە گوندی کانی هەمزە. لە ٤ـی شوبات کەریم دەستگیر کراوە و هاوەڵەکانیشی بۆ ئێران هەڵاتوون

لە ٩ـی شوباتی هەمان ساڵ، ڕووداوێکی کوشتن بە چەك هەبووە، تاوانلێکراو مەحموود کوڕی میرزادە فەیزی کە پیشەکەی جەندرمە بووە، تۆمەتبار عەزیز سیکە محەمەد لە تایەفەی ڕۆغزادییە و شوێنی ڕووداوەکە گوندی (سیدوسیناق؟/ سەیدسادق) بووە و تۆمەتبار لە ڕەوەندە کۆچەرییەکانە و بۆ ئێران هەڵاتووە

هەر لە نۆی شوباتی هەمان ساڵدا، ڕووداوێکی کوشتن و تاڵانکردن هەبووە، تاوانلێکراوان سەعید کوڕی ئەمین و هاوەڵانی کە خەڵکی چوارباغی سلێمانی بوونە و تۆمەتباریش قادر کوڕی ساڵح لە تایەفەی شێخ ئیسماعیلییە. تۆمەتبار بەرەو سنووری ئێران هەڵاتووە و شوێنی نیشتەجێبوونی دیار نییە٩.

ب-خشتەی تاوانەکانی مانگی نیسانی ساڵی ١٣٢٨ی ڕۆمی چوار ڕووداوی تێدا تۆمارکراون، بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

4 DH.MB..HPS.M.00028.00039.002

٥ قەباحەت بە گوێرەی قانوونی عوسمانی، تاوانێکی بچوك بووە کە سزاکەی ڕاگرتنی لە شەوو ڕۆژێك تا هەفتەیەك یان شتێك زیاتر بووە. بڕوانە: ((لعات ناجی، ص ٥٧٤)

6 DH.MB..HPS.M.00031.00070.001
7 DH.MB..HPS.00158.00064.005
8 DH.MB..HPS.00160.00050.001
9 DH.EUM.EMN.00026.00032.004

لە ٢٤ـی مارتی ١٣٢٨ لە گوندی سەراو ڕووداوێکی کوشتن هەبووە، تۆمەتبار ئەمین کوڕی عەزیز بووە و لە خانەی تاوانلێکراو مافی گشتیی نووسراوە و تۆمەتبار هەڵاتووە

د-لە ٩ـی نیسان لە گوندی مەلاحلونە؟ ڕووداوێکی کوشتن هەبووە، تۆمەتبار ناوی حوسێن بووە و خەڵکی ئێران بووە و بۆ ئەوێش هەڵاتووە

لە ٥ـی نیسان لە پێنجوێن ڕووداوێکی کوشتن هەبووە، تاوانلێکراو محەمەد کوڕی قادر بازیانی بووە و تۆمەتباریش ناوی حاجی مەعرووف بووە و هێشتا دەستبەسەر نەکراوە

لە ١٩ـی نیسانیشدا لە گوندی خەرپانی ڕووداوێکی سووتاندن دەرهەق مافی گشتیی هەبووە و بکەر نادیارە.١٠

ج-لە مانگی مایسی ساڵی ١٣٢٨ی ڕۆمی (مایس و حوزەیرانی ١٩١٢)دا، سێ ڕووداو لە گوندەکانی بێستان، کانی کەوە، قشڵاخەڕووتە ڕوویانداوە، لە گوندی بێستانە شەریف کوڕی عوسمان لە ٢٤ـی نیسانی ١٣٢٨ تاوانبارە بە پێشێلکردنی مافی گشتی و جۆری تاوانەکەی سووتاندنە و ناوبراو دەستبەسەرکراوە و ئێستا ڕاگیراوە. لە گوندی «کانی کەوە»یش لە ٢٤ـی مایسی ١٣٢٨ ڕووداوێکی کوشتن هەیە، تاوانبار محەمەدەمین کوڕی عەلی یە و هەڵاتووە و دەستگیرنەکراوە. لە ٢٨ی مایسی ١٣٢٨ دا لە ڕووداوێکی سووتاندا تاوانبار ئاغە؟ خورشید بووە و تاوانلێکراو ئیبراهیم و عەلی محەمەدن و تاوانەکە بە (جنحە) حیساب کراوە و پەڕاوەکەی دراوەتە دادگا.١١

د-هەر لە هەمان ساڵدا واتە لە مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ساڵی ١٣٢٨ی ڕۆمی (ئاب و ئەیلولی ١٩١٢) دا، خشتەی تاوانەکانی سنووری قەزای گولعەنبەر خراوەتە ڕوو، کە نۆ ڕووداون بەم شێوەیەی خوارەوە

دیاردەیەکی تاڵانکردن لە ماڵی مەعرووف کوڕی محەمەد لە گوندی (گل)١٢، تۆمەتبار محەمەدەمین کوڕی مستەفایە لە تیرەی میکائیلییە و لە هۆزی جافە کۆچەرییەکانە و بۆ خاکی ئێران هەڵاتووە

هەر لە مانگی ئاب لە گوندی کێلەسپی؛ حەمەخان کوڕی قادر و هاوەڵانی زەوییان سوتێنراوە و فەتاح کوڕی کەریم و هاوەڵانی تۆمەتبارکراون و بۆ خاکی ئێران هەڵاتوون

لە مانگی ئەیلولدا ڕووداوێکی تری سووتان هەیە تاوانلێکراو کوێخا ئەحمەد و هاوەڵاکانین، بکەر نادیارە و خەڵکی گوندی هورمزیارە

هەر لەو مانگەدا ڕووداوێکی کوشتن هەیە، کوژراو ناوی محەمەد کوڕی سالحە و، تۆمەتبار ناوی محەمەد کوڕی مەلا کەریمە و لە گوندی هانەژاڵەیە، تۆمەتبار لە ٢٦ی ئەیلولدا دەستگیرکراوە

هەر لە مانگی ئەیلولدا ڕووداوێکی تری کوشتن هەیە، تاوانلێکراو ناوی حەمەخانە و لە گوندی چەمەڕەشەیە و تۆمەتبار ناوی حەمەسان ئەحمەدە لە گوندی کانی کەوەیە و هێشتا دەستگیرنەکراوە

هەر لەو مانگەدا ڕووداوێکی تری تاڵانکردن هەیە، تاوانلێکراو کوێخا ئیبراهیم لە گوندی کێلەکۆ و تۆمەتبار حەمە مەحموود یارەویسییە و هەڵاتووە بۆ ئێران

هەر لەو مانگەدا ڕووداوێکی کوشتن هەیە، تاوانلێکراو «مەحموود کوڕی سۆفیبرا»یە و تۆمەتباران عەبدوڵڵا و قادر و عەزیز لە گوندی دۆڵاشن و لە ٣٠ی ئەیلولی ساڵی ١٣٢٨ (١٩١٢/١١/١٣) دەستگیرکراون

هەر لەو مانگەدا تاوانێکی ماڵ زەفتکردن هەبووە، تاوانلێکراو نادر کوڕی حەمەد خواکەرەم بووە و تۆمەتبار مەحموود پاشازادە کەیخوسرەو بەگ بووە و دەستگیر نەکراوە

ڕووداوی کۆتایی هەر لەو مانگەدا، ماڵ زەفتکردنێك هەبووە، تاوانلێکراو فەرەج کوڕی زۆراب لە تایەفەی شوانکارەی شێخ ئەحمەد، تۆمەتبار ئەمین خوداکەرەم و حەمەعەلی کوڕی سوبحان و فەتاح و قادر لە تیرەی ڕۆغزادیی عەشیرەتی کۆچەریی جاف

10 DH.EUM.EMN.00031.00009.002

11 DH.EUM.EMN.00008.00001.011

١٢ ناوی گوندەکەمان بە تەواوی بۆ ساغ نەکرایەوە

بوونـە. بـە هـۆی ئـەوەی کۆچـەر بوونـە و چوونەتـە ئێـران، تۆمەتبارانـی گومانلێکـراو دەسـتگیرنەکراون.١٣ ئـەم بەڵگەنامەیـە ئیمـزای فەرمانـدەی جەندرمـە و هەروەهـا عەبدوڵمەجیـدی قائیمقامـی قـەزای گولعەنبـەری لەسـەر هەیـە

لـە بەڵگەنامەیەکـی تـردا بـە تەنیا خشـتەی تاوانەکانی مانگـی ئابـی سـاڵی ١٣٢٨ی ڕۆمـی (مانگـی ڕەمەزانـی سـاڵی ١٩١٢) نیشـان دراوە، کـە بریتیـن لـە سـێ تـاوان، ئەوانیـش

لـە ٦ــی ئابـی سـاڵی ١٣٢٨ لـە گردعـالم١٤، ڕووداوێکـی تاڵانکـردن ڕوویـداوە، تاوانلێکـراو مافـی گشـتیی بـووە و تۆمەتبـار قـادر صالـح، عەلـی مسـتەفا، سـاڵح مەحمـوود و ڕەحمان ئەحمـەد بـوون لـە تایەفـەی شـێخ ئیسماعیلـی. لـە نێـو ئـەو تۆمەتبارانـەدا تەنیا ڕەحمان کـوڕی ئەحمـەد لـە ١٨ــی ئابـی سـاڵی ١٣٢٨ دەسـتگیرکراوە و ئێسـتا ڕاگیراوە

لـە ٩ــی ئابـی سـاڵی ١٣٢٨ لـە گونـدی بانیخـێڵان ڕووداوێکـی سـووتاندن هەبـووە، تاوانلێکـراو مەحمـوود قـادر و هاوەڵانـی بوونـە، تۆمەتباریـش فەتـاح کـوڕی ڕۆسـتەم لـە عەشـیرەتی ڕۆژبیانـی بوونـە. تۆمەتبـار لـە ڕووبـاری سـیروان پەڕیوەتـەوە و ئێسـتا لـە خاکـی ئێرانـە

لــە ٢٩ــی ئابــی ســاڵی ١٣٢٨ ڕووداوێکــی تاڵانکــردن لــە ســلێمانی ڕوویــداوە، تاوانلێکــراو ڕەمــەزان کــوڕی ڕەحیمــە و تۆمەتبــار عەبدولقــادر کــوڕی مســتەفایە و ئێســتا دەســتگیرکراوە.١٥

هـ-خشـتەی تـاوان و سـەرپێچییەکانی مانگـی تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٣٢٨ ی ڕۆمـی بریتیـن لـە حـەوت ڕووداو، کـە ئەمانـەی خـوارەوەن

و-لـە ٦ــی تشرینـی یەکەمـدا ڕووداوێکـی مـاڵ زەفتکـردن هەبـووە، تاوانلێکـراو مەحمـوود دەروێـش ڕەمـەزان هەڵەبجەیـی بـووە و تۆمەتباریـش کەیخوسرەو بـەگ و پیاوەکانـی خوناو؟ حاجـی و حەمـە مچـە و غەریـب کـوڕی حەمەناوخـاس بـوون. تۆمەتبـاران لـە جافـە کۆچەرییەکانـن و بـەرەو سـنووری ئێـران هەڵاتـوون

لـە دەی مانگـدا ڕووداوێکـی کوشتن هەبـووە، تاوانلێکـراو سـەلمە کچـی مەحمـوود و تۆمەتبـار عەلـی کـوڕی مەحمـوود لـە فیرقـەی عەمەلـە، تۆمەتبـار دوای سـێ ڕۆژ دەسـتگیرکراوە

لـە ٢٤ــی مانـگ ڕووداوێکـی سـووتان هەبـووە، تاوانلێکـراو ئەفەندیـزادە عەبدولمەجیـد فەرمانبـەری نفووسـی گولعەنبـەر، تۆمەتبـار محەمـەد شـێخ حوسـێن خەڵکـی گونـدی سـوێرەڵەی شـارباژێڕ، تۆمەتبـار بـۆ قـەزای شـارباژێڕ گوازراوەتـەوە

هـەر لـە هەمـان ڕۆژدا ڕووداوێکـی کوشتن هەبـووە، تاوانلێکـراو زارا کچـی محەمـەد ئەمیـن خەڵکـی گۆیژەیـی و تۆمەتبـار قـادر مـراد وەیسـی لـە تیـرەی باشـکیی جـاف

لـە ٢٩ــی مانگـدا بـە هەمـان شـێوە ڕووداوێکـی کوشتن هەبـووە، تاوانلێکـراو شـەریفی بـرازای فەتاحـی کوێخـای خرنـوك؟ بـووە و تۆمەتبـار نـەسروڵڵا بەگـی کـوڕی حەمـەڕەزا بـەگ و هاوەڵەکانـی لـە ئەشـقیاکانی هەورامـان بـوون و تۆمەتبـاران بـەرەو سـنووری ئێـران هەڵاتـوون

لـە ١٣ــی هەمـان مانگـدا، ڕووداوێکـی مـاڵ تـاڵان کـردن هەبـووە، تاوانلێکـراو عاصیمـە کچـی لەتیـف لـە فیرقـەی صەدانیـی جـاف بـووە و تۆمەتباریـش لـە هەمـان فیرقـە بـووە و نـاوی عەبـدوڵڵای کـوڕی ئەحمـەد بـووە و بـەرەو سـنووری ئێـران ڕایکـردووە

لـە دەی مانگیـش ڕووداوێکـی کوشتن هەبـووە، تاوانلێکـراو عەبـدوڵڵا کـوڕی ئەحمـەدی خەڵکـی گونـدی پاریاولـە؟ بـووە و تۆمەتباریش محەمـەد کـوڕی قـادر بـووە لـە فیرقـەی صەدانـی. تۆمەتبار لـە هەمـان ڕۆژدا دەسـتگیرکراوە.١٦

### ٢,١.خشتەی تاوانەکانی ساڵی ١٩١٣

بـە پێـی بەڵگەنامەیـەك، کـە خشـتەی مانگـی شـوباتی سـاڵی ١٣٢٩ی ڕۆمـی تێـدا جێگیرکـراوە، چـوار ڕووداو لـە قـەزای گولعەنبـەر تۆمـار کـراون، کـە بریتیـن لـە

13 DH.EUM.EMN.00014.00011.018

١٤ نشوێنی ڕووداوەکەمان بۆ ساغ نەکرایەوە: کوردعالم، گردعالم ؟

15 DH.EUM.EMN.00014.00007.009

16 DH.EUM.EMN.00048.00008.006

أ-لە ١ـی شوباتی ساڵی ١٣٢٩ی ڕۆمی، ڕووداوێکی لێدان و جنێودان لە شەشوەی سەروو؟ ڕوویداوە و تاوانلێکراو ناوی شاناز بووە و تۆمەتبار ناوی عەزیز کوڕی محەمەد بووە. لە هەمان ڕۆژدا تۆمەتبار دەستگیرکراوە

لە ٣ـی شوباتی هەمان ساڵدا، لە تەوێڵە ڕووداوێکی بریندارکردن ڕوویداوە، تاوانلێکراو خوامراد کوڕی ..یارە و تۆمەتباریش حەمەرەحیم کوڕی حەمەیوسفە و لە هەمان ڕۆژدا تۆمەتبار دەستگیراوە

لە نۆی مانگیشدا لە مۆریاس موڵکێك دەستی بەسەرداگیراوە، تاوانلێکراو ناوی مەلا نەجمەدینە و تۆمەتباریش حەمەکەریم کوڕی عەبدوڵڵایە و لە هەمان ڕۆژدا تۆمەتبار دەستگیرکراوە

لە ٢٥ـی مانگیش لە گوندی وەلی ڕووداوێکی کوشتن هەبووە و تاوانلێکراو ئەمین کوڕی محەمەد بووە و تۆمەتباریش ئەمین کوڕی ئاخەیە و لە هەمان ڕۆژدا تۆمەتبار دەستگیرکراوە[17].

ئەمە پوختەی خشتەی تاوانەکانی مانگی شوبات بوو.

ب-خشتەی مانگی ئاداری هەمان ساڵیش دوو ڕووداوی تێدا تۆمار کراوە، کە بریتین لە:

لە ٢ـی مارتی ساڵی ١٣٢٩ ڕووداوێکی ماڵ زەفتکردن و گرتن هەبووە، تاوانلێکراو سەید محەمەد کوڕی سەید ئەحمەدی گوندی زارینە و تۆمەتباریش سەید محەمەدی کوڕی سەید عەبدوڵڵای دانیشتووی گوندی نێرگسەجارە، تا ئێستا نووسراوی ڕەسمی نەهاتووە بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبار

لە ١ـی مارتیشدا ڕووداوێکی کوشتن لە گوندی بناوەسووتە هەیە، تاوانلێکراو عەبدوڵڵا فەقێ حوسێنە و تۆمەتباریش محەمەد کوڕی مەحموودی نیشتەجێی گوندی بناوەسووتەیە و لە ٧ـی مارتی ١٣٢٨ دەستگیرکراوە[18].

ج-خشتەی مانگی نیسانی ساڵی ١٣٢٩ی ڕۆمی تەنیا پێنج ڕووداوی تێدا تۆمارکراون، کە بریتین لە:

لە ١ـی نیسانی ١٣٢٩ی ڕۆمی، ڕووداوێکی کوشتن و بریندارکردن هەبووە، تاوانلێکراو لە تایەفەی بێسەری ئەحمەد عەلی و کەریمی برازای، تۆمەتباریش شێخ مەحموود کوڕی شێخ عەلی گوندی دوبینە؟ یە. وا دیارە تۆمەتبار دەستگیرنەکراوە

لە ١٠ـی نیسانی هەمان مانگدا، ڕووداوێکی سووتاندن لە گوندی پریسی خواروو هەبووە، تاوانلێکراو عەبدوڵڵا ناوخاس بووە و تۆمەتباریش قادر سلێمان و هاوەڵەکانی لە هەمان گوندن. تا ئێستا بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتباران مامەڵەی یاسایی تەواو نەبووە

لە ٢٤ـی مانگدا کردارێکی بەد لە گوندی دکرمان ڕوویداوە، تاوانلێکراو ئاڵتوون حەرەمی سۆفی محەمەد عەلی بووە و تۆمەتباریش حوسێن کوڕی میرزا لە سنووری هەڵەبجەوە. تۆمەتبار لە ٢٣ـی مانگ دەستگیرکراوە

ڕووداوێکی کۆنتر کە هی ساڵی ١٣٢٥ی ڕۆمییە و ڕووداوەکە کوشتنە و لە ناوچەی پێکۆلی بووە و تاوانلێکراو سەرباز «قادر کوڕی جەودەت» بووە و تۆمەتبارانیش خدر عەلی و هاوەڵانی بوونە، تا ئێستا پەراویان لە دادگایە و نووسراوی دەستبەسەرکردنیان نەگەیشتووە

ڕووداوێکی ساڵی پار کە تاڵانی بووە لە گوندی دۆڵاش، تاوانلێکراو قادر کوڕی محەمەدی دۆڵاش بووە و تۆمەتباریش قازی و هاوەڵانی لە گوندی دۆڵاش بووە. تۆمەتباران هەڵاتوون و نازانرێ لە کوێن[19].

د-لە مانگی مایسی ساڵی ١٣٢٩ی ڕۆمیدا (نیسان و مایسی ١٩١٣) تەنیا یەك جۆری تاوان هەبووە ئەویش کەیسی کوشتن بووە، داواکراو کە بکەری تاوانەکە بووە؛ ناوی تۆفیق کوڕی فەرەج بووە خەڵکی گوندی ولفە بووە، تاوانلێکراو ڕەشید کوڕی عەزیز بەگی میرەدێ بووە، بەڵام ئاماژە بەوە دراوە کە تا ئێستا لە دادگاوە پەڕاوی دەستگیرکردنی نەگەیشتووە. ڕۆژی ڕوودانی تاوانەکەیش ٢٦ی مایسی ساڵی ١٣٢٩ی ڕۆمی بووە[20].

هـ-خشتەی مانگی تەمموزی ساڵی ١٣٢٩ی ڕۆمییش چوار ڕووداوی لەخۆگرتوون، کە ڕووداوی خنکان و سووتان و کوشتنن، لە هەریەکە لە گوندەکانی بەرزنجە و پریس و ؟ کانیسپیکە قەوماوە و تۆمەتباری دوو ڕووداو دەستگیرکراون و دووەکەی تر فەرمانی

17 DH.EUM.MTK.00027.00014.017
18 DH.EUM.EMN.00057.00015.014
19 DH.EUM.MTK.00021.00025.007
20 DH.EUM.MTK.00022.00017.018

دەستگیرکردنیان نەگەیشتووە. تاوانلێکراوی کانیسپیکە ناوی حوسێن کوڕی باقییە و خەڵکی مۆریاسە و تۆمەتبارەکەیش محەمەد کوڕی نەسروڵڵای کانی سپیکەیە. هەروەها لە گوندی پریسیش تاوانلێکراو ناوی عەبدوڵڵایە و تۆمەتبار شەفیعی کوڕی میرزای پریسییە. هەروەها لە بەرزنجەیش تۆمەتبارەکە شێخ محەمەد کوڕی شێخ سەمەدە21.

و-خشتەی مانگی ئابی ساڵی ١٣٢٩ی ڕۆمی، چوار ڕووداوی تێدایە، کە بریتین لە:

لە سەرەتای مانگ ڕووداوێکی کوشتن لە گوندی پێلەسپی ڕوویداوە و تۆمەتبار نادیارە و تاوانلێکراو سلێمان کوڕی قازی یە خەڵکی گوندی گردیگۆیە

لە ٥ی مانگدا لە ناوەندی شاری هەڵەبجە ڕووداوێکی کوشتن هەبووە، تاوانلێکراو ناوی حەمەمورادە و تۆمەتبار کەریم کوڕی ئەحمەدی هەڵەبجەییە، لە ١٣ی مانگ تۆمەتبار دەستبەسەرکراوە

لە ١٤ی مانگ ڕووداوێکی سووتاندن لە گوندی ئەحمەدبرندە ڕوویداوە، تاوانلێکراو ئەحمەد بەگ کوڕی قادر بەگە و تۆمەتباری ڕووداوەکەیش ساڵح کوڕی عەلی یە کە خەڵکی هەمان گوندە. لە ١٦ی مانگ تۆمەتبار دەستبەسەرکراوە

لە ١٨ی مانگ ڕووداوێکی کوشتن لە تەوێڵە ڕوویداوە، تاوانلێکراو ؟ ئاغایە خەڵکی گوند و تۆمەتباریش سادق کوڕی مستەفای تەوێڵەییە، بۆ دەستبەسەرکردنی تۆمەتبار هێشتا حوکمی یاسا دەرنەچووە22.

ز-خشتەی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٣٢٩ی ڕۆمییش پێنج ڕووداوی لەخۆگرتووە، کە تاوانلێکراوان خەڵکی گوندی شێخ حوسێن شیشك، گوندی گەلاڵی، گوندی گردی گۆ، دەرگەزێنی سلێمانی بوون و تۆمەتبارانیش خەڵکی گوندی گردی گۆ، خەرپانی، گروستان(چروستان؟) بوونە23.

ح-ڕووداوەکانی مانگی تشرینی یەکەمیش تەنیا دووانیان تۆمارکراون، کە بریتین لە:

ڕووداوێکی کوشتن لە ٦ی مانگ لە سێویرە؟ی ئێران ڕوویداوە، تاوانلێکراو سلێمان کوڕی حەمید لە تایەفەی باشکی و تۆمەتبار عەزیز کوڕی ؟ و حەمەشاسوار و کەریمی برای. بۆ دەستبەسەرکردنی تۆمەتبار هێشتا حوکمی یاسا نەگەیشتووە

هەر لە شەشی مانگدا لە گوندی گێلدەر تاوانێکی بەرتیل وەرگرتن هەبووە، تاوانلێکراو مافی گشتییە و تۆمەتبار ئەحمەد بەگی بەڕێوەبەری ناحیەی سرۆچکە، بۆ دەستبەسەرکردنی تۆمەتبار، هێشتا فەرمانی یاسا دەرنەچووە24.

ط-تاوانکارییەکانی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٣٢٩ی ڕۆمی، لە تەواوی مانگەکەدا لە سنووری قەزای گولعەنبەر تەنیا چوار ڕووداون، بەم شێوەیەی خوارەوە

لە یەکی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا، ڕووداوێکی ساختەکاری ڕوویداوە، تاوانلێکراو مستەفا کوڕی مەحموود ئاغا خەڵکی گوندی وێلە ؟ بووە و تۆمەتباریش سەعید ئاغا کاتبی ناحیەی سرۆچك و کەریمی کوڕی بووە. ئەگەر چی ساختەکارییەکە کە کراوە کە پێدەچێ لە نووسراوی ڕەسمیدا کرابێ، بەڵام هێشتا بۆ دەستگیرکردنی حوکمی یاسای بۆ جێبەجێ نەکراوە

هەر لە یەکی مانگی هەمان ساڵدا، ڕووداوێکی تاڵانی لە گوندی کانی کۆچ هەبووە، تاوانلێکراو خانزاد کچی حەمید بووە و تۆمەتباریش وەیسی کوڕی مەولوود و ساڵح کوڕی حەمەدی کانی کۆچ بوونە. بە هەمان شێوە فەرمانی دەستگیرکردنیان دەرنەچووە

لە ١٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٣٢٩دا، لە گوندی کانی ڕەش ڕووداوێکی تاڵانی هەبووە، تاوانلێکراو حەمید بەگ کوڕی مەحموود پاشا لە بەگزادەکانی جاف، تۆمەتبارەکانیش سەید محەمەد کوڕی شێخ مستەفا و شێخ حەمەعەلی کوڕی شێخ حەسەنی سلێمانیەلی بوونە، بە هەمان شێوە فەرمانی دەستگیکردنیان دەرنەچووە

لە ڕۆژی ٢٣ی هەمان مانگدا لە ئێران ڕووداوێکی تاڵانی ڕوویداوە، تاوانلێکراوان کوێخا مراد و ساڵح کوڕی محەمەدئەمین لە عەشیرەتی ئیسماعیل عوزێری بوونە، تۆمەتباریش ڕەزا ئاغا کوڕی عەباس ئاغای کۆنەخانەقایە. فەرمانی ڕەسمی بۆ دەستگیرکردنی

21 DH.EUM.EMN.00076.00031.009
22 DH.EUM.EMN.00073.00003.009
23 DH.EUM.EMN.00073.0001.0019
24 DH.EUM.MTK.00026.00010.013

تۆمەتبار دەرنەچووە٢٥.

ی-بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی تر خشتەی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٣٢٩ی ڕۆمی (١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩١٣ تا ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩١٤ز)، لە قەزای گولعەنبەر چوار ڕووداوی تاوان هەبوونە، کە بریتی بوونە لە

لە ١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٣٢٩ (١٩١٣/١٢/١٤ز)، لە نێوان گوندی دۆڵپەمۆ و سلێمانیدا ڕووداوێکی گرتن و لێدان هەبووە، تاوانلێکراو عەبدوللا مەحموود خەڵکی گوێژەی سلێمانی بووە و تۆمەتبار شێخ حسێن کوڕی شێخ ئەحمەد و هەروەها شێخ حەسەنی دۆڵپەمۆ بوونە. بۆ دەستگیرکردنیان هێشتا حوکمی دادگا دەرنەچووە

لە ٢٢ی هەمان مانگدا، لە کانی حەمەوغان ڕووداوێکی سووتاندن هەبووە، تاوانلێکراو فەرەج کوڕی سلێمانی هەڵەبجەیی بووە و تۆمەتباریش فەرەج کوڕی ئالی خانی وەرمزیار بووە

لە ٢٥ی هەمان مانگدا ڕووداوێکی تاڵانی هەبووە، تاوانلێکراو مەعرووف کوڕی فەقێ حوسێنی خەڵکی ئەحمەدبرندە و تۆمەتبار محەمەد حەبیب و براکەی لە گوندی فەقێ جنە

هەر لە ٢٥ی مانگ لە گوندی عازەبان ڕووداوێکی کوشتن هەبووە، تاوانلێکراو سەید ئەحمەدی عازەبان و تۆمەتبار شێخ حسێن کوڕی شێخ حەمەسەعید و شێخ عەزیز و باوەشێخی عازەبانن

ئەمانە چەند نموونەیەك بوون، لە زانیاریی ئەو تاوانانەی لەو ساڵانەدا ڕوویانداوە و تۆمەتباران هەندێکیان لە حەپسخانەی گولعەنبەر ڕاگیراون یان بەندکراون و ئەوانیتر دەستگیر نەکراون. ئەم زانیارییانە وێڕای ئەوەی دیمەنێکی کێشەکانی ئەو سەردەمەمان نیشان دەدەن، لە هەمان کاتدا ناوی هەندێ گوندی ناوچەکەیشیان پاراستووە. لە لایەکی تر ئەو بەڵگەنامانە ئەوەمان نیشان دەدەن کە بەشی زۆری تۆمەتباران بەرەو سنووری ئێران هەڵاتوون و ئەوانەیشی ماونەتەوە بە پاساوی نەبوونی فەرمانی دەستگیرکردن دەستبەسەرنەکراون، ڕەنگە ئەوەش هۆکارەکەی لاوازیی دەسەڵاتی عوسمانی و بەهێزیی هۆز و تیرەکانی ناوچەکە و ملکەچنەکرجن بۆ یاسا بووبێت٢٦.

## ئەنجام

لە ئەنجامی وردبوونەوە لەم دۆکیۆمێنتانە، دەرکەوت کە:

لە ساڵی ١٩١٣ بە کۆی گشتی ٣٥ ڕووداوی تاوان هەبوونە کە ئەمە لە بەرامبەر ساڵی ١٩١٢ کە ٢٩ ڕووداوی تاوان هەبووە، ڕێژەکە بەرەو بەرزبوونەوە هەڵکشاوە، ئەگەر چی ڕووداوی کوشتن لە ساڵی ١٩١٢ زیاتر بووە

تاوانەکان لە ماڵ زەوتکردن، سوتاندن، ساختەکاری، لێدان، تاوانی بچوك تا کوشتنی گرتۆتەوە.

-لەبەر هەڵکەوتەی ناوچەکە کە لەسەر سنووری ئێران بووە، زۆربەی جار تاوانباران بۆ دیوی ئێران هەڵاتوون و دەستگیر نەکراون

-دەوڵەت لەو دوو ساڵەدا لە ئاستێکی بەهێزدا نەبووە و بەشێك لە تاوانباران بە بیانووی دەرنەچوونی فەرمانی دەستگیرکردن دەستگیرنەکراون

- کارمەندانی دەوڵەتیش لە ساختەکاری تێوەگلاون و شکاتیان لێکراوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە لەنێو لیستی تاواندا جیاوازیی لەنێوان هاووڵاتیی مەدەنی و کارمەندانی دەوڵەت نەکراوە

25 DH.EUM.MTK.00026.00008.016

٢٦ زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د. عادل سدیق کە لە ساغکردنەوەی ناوی بەشێك لە گوندەکان هاوکارم بوو.

**References / سەرچاوەکان**

کۆدی بەڵگەنامەی عوسمانی:

BOA, DH.EUM.EMN 73.3 1332 C 22/ 1914 Mayıs 18

BOA, DH.MB..HPS…M 12/33 1332 CA 29/ 1914 Nisan 25

BOA, DH.MB.HPS 41/51 1331 R 24/ 1913 Nisan 2

BOA,DH.EUM.EMN.00008.00001.011

BOA,DH.EUM.EMN.00014.00007.009

BOA,DH.EUM.EMN.00014.00011.018

BOA,DH.EUM.EMN.00026.00032.004

BOA,DH.EUM.EMN.00031.00009.002

BOA,DH.EUM.EMN.00048.00008.006

BOA,DH.EUM.EMN.00057.00015.014

BOA,DH.EUM.EMN.00073.00003.009

BOA,DH.EUM.EMN.00073.0001.0019

BOA,DH.EUM.EMN.00076.00031.009

BOA,DH.EUM.MTK.00021.00025.007

BOA,DH.EUM.MTK.00022.00017.018

BOA,DH.EUM.MTK.00026.00008.016

BOA,DH.EUM.MTK.00026.00010.013

BOA,DH.EUM.MTK.00027.00014.017

BOA,DH.MB..HPS.00158.00064.005

BOA,DH.MB..HPS.00160.00050.001

BOA,DH.MB..HPS.M.00028.00039.002

BOA,DH.MB..HPS.M.00031.00070.001

**فەرهەنگ :**

لغات ناجی، معلم ناجی، عصر مطبعەسی، استانبول، ١٣٢٢.

وێنەی دۆکیۆمێنتەکان:




DH.MB.HPS.M.00031.00070.001




DH.EUM.EMN.00014.00011.018




DH.EUM.MTK.00026.00008.016




DH.EUM.EMN.00073.00003.009




DH.EUM.EMN.00031.00009.002